سەرۆک وەزیران لیژنەیەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئاو لەگەڵ تورکیا پێکدەهێنێت

محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیران سەرپەرشتی دووەم کۆبوونەوەی هێنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئاو ڕێککەوتنانی کرد کە ماڵی ئابڕووە لە کاتی سەردانێکی ئێردۆغان بۆ بەغدا واژۆیان کردووە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران باویکردووتەوە، کۆبوونەوەکەی سوودانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بووە بە هێنگاو و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و یاداشتنامەکانی لێک تێگەیشتن لە نێوان هەردوولا.

سەرۆکوەزیران جەختی لە گرنگی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان کردووەتەوە لە نوێیاندا ئاماژەی بە پرسی ئاو کردووە و ڕایگەیاندووە، ڕاستەوخۆ چاودێری پرسەکانی جێبەجێکردنی یەک بەیەکی ڕێککەوتنەکان دەکات.

هەروەها داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەندی کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئاو ڕێککەوتنی لە بواری ئاو کراوە لەگەڵ ئاو پرۆژانەی پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە، هاوکات هەموو وەزارەتەکانی ڕاسپاردووە بۆ دەستبەکاربوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننەکان لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری ڕاستەخۆی خۆی